دیلمان محەمەد

فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمی

(لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکار)

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سلێمانی ٢٠٠٢

دیلمان محەمەد

فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمی

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی بیر: (٧)

ژمارەی سپاردن: (٤٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٢

بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ک)

پێشەکی

مەسەلەی فیدرالیزم بۆتە مەسەلەیەکی گرنگ بۆ گەلی کورد، بەتایبەتی کە پەرلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/١٠/٤دا یەکێتی فیدرالّی ڕاگەیاندو بەم پێیە لەو ڕۆژەدا بەرەسمی کۆتایی بەسیستمی ئۆتۆنۆمی هات کە لە ساڵی ١٩٧٤ ـەوە تا ١٩٩١ لەکوردستاندا لەئارادابوو.

ئەم نامیلکەیە بەشێوەیەکی تایبەت تەرخان کراوە بۆ ناساندنی ئۆتۆنۆمیو فیدرالیزم بەخوێنەر بۆ ئەوەی هەم لایەنە لێکچووەکانی نێوانیان بزانێ هەم لایەنە جیاوازەکانی. بەم پێیە، وەك لە ناونیشانی ئەم نامیلکەیەدا دەردەکەوێ، لێکۆڵینەوەکە لەبنەڕەتدا لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارە.

سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە رادەکێشین کە دەربارەی فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمی چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەنرخ هەیە کەبەتێروتەسەلی مەسەلەکەیان لەهەموو رویەکەوە تاوتوێ کردووەو هەر کەسێك بیەوێ بەقوڵی لەمەسەلەکە بکۆڵێتەوە، دەتوانێ بچێتەوە سەریان، لەوانە:

-دو کتێبەکەی دکتۆر محەمەد هەمەوەند ((ئۆتۆنۆمیو سیستمە ناسانترالیستە کارگێڕیو سیاسییەکان)) (بەزمانی عەرەبی) کەساڵی ١٩٩٠ لەقاهیرە بڵاوکراوەتەوەو کتێبی ((فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمیو لامەرکەزیی کارگێڕی ئیقلیمی))کەساڵی پار بەزمانی کوردی بڵاوکراوەتەوە.

-کتێبەکەی دکتۆر محەمەد عومەر مەولود((فیدرالیزمو ئەگەری جێبەجێ کردنی لەعیراقدا)) (بەزمانی عەرەبی) کەساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتەوە.

ئەو لێکۆڵینەوەیەی لەم نامیلکەیەدا بڵاوکراوەتەوە، لەگەوهەردا لێکۆڵینەوەیەکی تیۆرییەو بۆ ئەوانەی گەرەکیانە زانیاری دەربارەی هەندێ نمونەی کردارەکی سەبارەت بەفیدرالیزم بەدەست بێنن، دەتوانن بچنەوە سەر لێکۆڵینەوەکەی سەیوان کاکەڕەش کەبەناونیشانی((بەراورد لەنێوان ڕژێمە فدراڵەکان دا)) کە لەم زنجیرەیەی کتێبی بیر بڵاوکراوەتەوە.

گرنگترین خاڵی هاوبەشی نێوان فیدرالیزمو ئۆتۆنۆمی ئەوەیە کەئەم دوو سیستمە دەشێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەو کەمینەکان لەو وڵاتانەی کەدوچاری کێشەی کەمینەکان هاتون، سودیان لێ وەربگیرێ. بەم پێیە، مەسەلەی نەتەوایەتی لەهەندێ وڵاتدا بەشێوەی ئۆتۆنۆمی چارەسەر کراوەو لەهەندێ وڵاتی تردا بەشێوەی فیدرالیزمو لەم ڕوانگەیەوە، مەبەستی سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە کەخوێنەر بتوانێ هەردو سیستم بەچاکی لێك جیا بکاتەوە.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری

سەرەتا

بەشێوەیەکی گشتی ئەکرێ بڵێین هەر سیستمێکی سیاسی خۆی لەو پەیوەندیە سیاسیو دەستوریانەدا دەبینێتەوە کەکاروباری دەوڵەتی پێ ڕێکدەخرێتو پێ بەڕێوە دەبرێت، هەر دەوڵەتێکیش بۆ خۆی خاوەنی دەستورێکی تایبەتە، کەجۆری ئەو سیستمەی تیا دیاریکراوە. لەبەر ئەم هۆیە نابینین دەوڵەتێك بوونی هەبێت بێ ئەوەی سیستمێکی سیاسیو دەستوری تایبەتی هەبێت.

خودی دەوڵەتیش بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەهەرێمێکی دیاریکراو کەسنورێکی دیاریکراوی هەیەو کۆمەڵە خەڵکانێك کەچەندتایبەتمەندیەکی هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە لەسەری دەژین. ئەگەر بەچاوێکی بەراوردکارانەشەوە بڕوانینە دەوڵەتانی دنیا تێبینی جیاوازیەکی تەواو دەکەین لەنێوانیاندا، بۆ نمونە هەندێکیان پەیڕەوی سیستمی پاشایەتیو هەندێکی تر پەیڕەوی کۆماری دەکەن، هەندێك لەحوکمڕانیاندا سیستمی سەرۆکایەتی پیادە دەکەن وەك ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هەندێك سیستمی پەرلەمانی وەك ئەڵمانیای یەکگرتوو.... هتد.

لەڕووی شێوازی پێکهاتەکانیشیانەوە دەوڵەتان دابەش بوون بۆ دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش بریتین لەدەوڵەتی ساکارو دەوڵەتی ئاوێتە[1] یەکەمیان شێوە ئاساییەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەریە، دووەمیشیان لەئەنجامی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێك یان چەند ولایەتێکەوەیە کەیەکێتییەکی یەکگرتووی لێ پێکدێت. لەناو خودی ئەم یەکێتییانەشدا چەند شێوازێکی جیاواز هەن هەم لەڕووی شکلیەوە، هەم لەڕووی ناوەڕۆكو ئامانجەوە. نمونەی ئەم جۆرە یەکێتیانەش بریتین لە، یەکێتی کەسی (الاتحاد الشخصي) واتە دەوڵەتەکانی ناو یەکێتییەکە هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کەسەرۆکێکی هاوبەش بۆخۆیان دەستنیشان بکەن تەنها وەك ڕەمزێك، یەکێتی هاوپەیمانی، یەکێتی راستەقینە یان فعلی، یەکێتی کۆنفیدراڵی، یەکێتی فیدراڵیو...... هتد.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی باسەکەی ئێمەیە بەراوردە لەنێوان دوو سیستمی سیاسیو دەستووری جیاوازدا، کەهەر یەکەیان دەکەوێتە چوارچێوەی یەکێك لەو جۆرانەی دەوڵەتەوە کەپێشتر قسەمان لەسەرکردن. ئەو دوو سیستمەش بریتین لەسیستمی فیدراڵیو ئۆتۆنۆمۆمی. بۆ ئەوەی بەراوردەکەشمان روخسارێکی زانستیانەی پێوە دیار بێت، هەوڵ ئەدەین لەسەر هەر یەکەیان کورتەیەك پێشکەش بکەینو پاشان لایەنە چوون یەكو جیاوازەکانیان ڕوون بکەینەوە.

بۆ ئەمەش باسەکەمان لەسێ بەشی جیاوازدا کۆدەکەینەوە. لەبەشی یەکەمدا کورتەیەك لەسەر فیدراڵی باس دەکەین، لەبەشی دووەمدا کورتەیەك لەسەر ئۆتۆنۆمی، هەروەها بەشی سێیەم

تەرخان دەکەین بۆ بەراوردیان. بەو هیوایەی باسەکە توانیبێتی جێگای خۆی بگرێت.

بەشی یەکەم: کورتەیەك دەربارەی فدرالیزم

بێ گومان فیدراڵی وەك سیستمێکی سیاسیو دەستوری مێژوویەکی زۆر کۆنی نیە، بەڵام وەك زاراوەیەکی زمانەوانی شارەزایانی بواری سیستمە سیاسیەکان پێیان وایە کەفیدراڵی لەوشەی (foedus)ی لاتینییەوە وەرگیراوەو بۆ پەیماننامەیان ڕێکەوتن بەکار هێنراوە[٢]. لەفەرهەنگی (المورد)یشدا کەفەرهەنگێکی ئنگلیزی- عەرەبییە هاتووە کەوشەی فیدراڵی "تایبەتە بەحکومەتێك کەحوکمڕانی تیایدا دابەش بووە بەسەر دەسەڵاتی ناوەندیو ژمارەیەك لەیەکە هەرێمیەکان"٣ هەروەها لەفەرهەنگی (عمید)ی فارسیشدا وشەی فیدراڵی یەکسانە بەیەکێتی، یەکێتیی ولایەتەکان، هتد٤.

وەك سیستمێکی سیاسیو دەستوریش نەك هەر شارەزایان هەموویان کۆك نین لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ فیدراڵی بەڵکو هەندێك جار پێناسەی نادروستیشیان بۆ کردووە. بەهەر حاڵ لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ پێناسەکانی هەر دوو پسپۆڕی ئەم بوارە دکتۆر محەمەد هەمەوەندیو دکتۆر محەمەد عومەر مەولود دەکەین، کەدوو پێناسەی راستو دروستو گونجاون بۆ ئەم سیستمە.

بەر لەوەی ئەم پێناسانەش بخەینە ڕوو پێویستە ئەوە بڵێین کەسیستمی فیدراڵی لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو دامەزراوە، کە بەتەواوی لەسیستمەکانی تری دادەبڕێت. ئەو بنەمایەش خۆی لەسەربەخۆیی دەوڵەتە ئەندامەکانی یان ولایەتەکانی ناویەکێتییە فیدراڵیەکەدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە لەزۆربەی پێناسەکانی کەبۆ فیدراڵی کراوە ئەم بنەما سەرەکیە بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە.

لەپێناسەی یەکێتی فیدراڵیدا دکتۆر محەمەد هەمەوەندی دەڵێ، دەوڵەتی فیدراڵی یەك دەوڵەتەو چەند قەوارەیەکی دەستوری لەخۆ گرتووە، هەریەکە لەو قەوارانەش سیستمێکی یاسایی تایبەتو سەر بەخۆیی خۆی هەیە، سەرباری ئەمانەش ملکەچە بۆ دەستوری فیدراڵی، لەبەر ئەوەی هەم دامەزرێنەرێتی، هەم ڕێکخەری بینای یاساییو سیاسیشێتی، بەمەش دەوڵەتی فیدراڵی بریتی دەبێت لەسیستمێکی دەستوریو سیاسی تێکەڵ[٥]. دکتۆر محەمەد عومەر مەولودیش کەدێتە سەرباسی

فیدراڵی دەڵێت: فیدراڵی بریتییە لەرێکخستنێکی سیاسیو دەستوری ناوخۆیی تێکەڵو تیایدا چەند دەوڵەتێکی ئەندام یان چەند ولایەتێك بۆ حکومەتێکی یەکگرتووی بەرزتر لەخۆیان ملکەچ دەبن. ئەم ڕێکخستنەش دوو لایەنی هەیە. یەکەم لایەنی دەرەکیە، بەشێوەیەك کەیەکێتییە فیدراڵیەکە لەمەیدانی سەروەری دەرەکیدا وەك دەوڵەتێکی یەکگرتوو دەردەکەوێت. دووەم لایەنی ناوەکیە، کەبەوە دەناسرێتەوە چەند قەوارەیەکی دەستوری

لەخۆگرتووە کە بەشدارن لەگەڵ حکومەتە ناوەندیەکە لەمومارەسە کردنی سەروەری ناوخۆدا[٦]. دواجار لەبەر رۆشنایی ئەم پێناسانەو سەرنجو تێبینیمان لەسەر چۆنێتی دروست بوونی یەکێتی فیدراڵی یان دەوڵەتی فیدراڵی دەکرێ بڵێین کەدەوڵەتی فیدراڵی بریتی‌یە لەو یەکێتی‌یەی کە لەئەنجامی هەڵوەشانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکی یان چەند ولایەتێکی سەر بەخۆ پێکدێت، بەجۆرێك کەهەریەکە لەئەندامانی ناو ئەو یەکێتی‌یە دەبێتە قەوارەیەکی دەستوریو سیاسی سەربەخۆ، سەرباری هەموو ئەمانەش پابەندی دەستوری باڵای یەکێتی‌یە فیدراڵیەکەن، کەواتە سیستمی فیدراڵی سیستمێکی دەستوریو سیاسی بەیەکداچووە.

ئەگەر بمانەوێت باس لەمێژووی سیستمی فیدراڵی بکەین وەك ئەو سیستمە دەستوریو سیاسیەی کەهەیە، بێگومان دەبێت یەکسەر بچینە سەرباسی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکی کەهەر لەدامەزراندنیەوە، واتە لەکۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە تائەمڕۆ بەردەوامە لەسەری.

دامەزراندنی ئەم حکومەتە فیدراڵیەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستوری (١٧)ی ئەیلولی ساڵی ١٧٨٧ کە لەکۆنگرەی (فیلادلڤیا) بڕیاری لەسەردراو بەمەش یەکەمین دەوڵەتی فیدراڵی لەدنیادا دامەزرێنرا.

ئەگەر بەمێژووی کۆنیشدا تێ پەڕینو شێوازی حوکمڕانی ئیمپراتۆریەتو دەوڵەتە گەورەکانی کۆن هەڵسەنگێنین، دەبینین هاوشێوەی ئەم سیستمە لەهەندێك رووەوە پەیڕەو کراوە. بۆ نمونە لەیۆنانی کۆنداو لەسەدەی پێنجەمی (پ.ز) ەوە جۆرە رێکخستنێك هەبووە لەنێوان هەرێمە سەر بەخۆکاندا ئەکرێت وەك سەرەتایەکی عەمەلی بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە سیستمە دابنرێت. بۆ ئەمەش ئەتوانێن ئەنجومەنی (ئەمفکتیونیك) کەکۆمارە یەکگرتووەکانی یۆنان لەسایەیدا کۆببونەوە وەك دیارترین هاوشێوەکانی سیستمی فیدراڵی دەستنیشان بکەین، بەم پێیەش ئەنجومەنەکە هەموو ئەو کۆمارانەی لەسایەی خۆیدا کۆکردبووەو لەگەڵ ئەوەشدا هەریەك لەو کۆمارانە خاوەنی سەر بەخۆیی‌ی خۆی بوو، لەڕووی دەسەڵاتی گشتیشەوە ئەنجومەن خاوەنی بڕیار بووە لەتەواوی ئەو مەسەلانەدا کە پێویست بوون بۆ ئاسایشو خۆشگوزەرانی گشتی یۆنانو راگەیاندنی جەنگو ئاشتی‌و یەکلایی کردنەوەی کێشەی ناوخۆیی کۆمارەکانی لەم حاڵەتەشدا دەسەڵاتی ئەنجومەنی ئەمفکتیونیك لەدەسەڵاتی ناوەندی یەکێتی‌یەکی فیدراڵی دەچێت. بەگشتی لەسەدەی پێنجەمی (پ.ز) بەدواوە لەنێوان کۆمارەکانی یۆناندا چەند یەکێتی‌یەکی سیاسی‌و سەربازی پێکهێنراوە لەمانەش یەکێتی (بلیوبونیسیان، ئیتۆلیان، بۆیۆتیان، ئەسیناو یەکێتی‌ی ئاخنینن)[٧]. هەر یەکە لەم

یەکێتی‌یانەش بەپێی بارودۆخ‌و سەردەمی تایبەتی خۆی لەوانی تر جیاواز ترو ناچون یەك بووە.

ئیمپراتۆریەتی پیرۆزی رۆمانیش کە لەسەدەی حەوتەمی (ز)یەوە سەری هەڵدا هەر لەدروست بونیەوە روخسارێکی شێوە فیدراڵی لەخۆگرتبوو، چونکە پێکهاتبوو لەچەندین میرنشین‌و ئەسقفیەو هەرێمی سەر بەخۆ، هەریەکە لەم قەوارانەش خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوچەیی خۆیان بوون، لەرووی دەستوریشەوە ئیمپراتۆریەتەکە ئەنجومەنی (دایتی) پێکهێنا بوو، کەنوێنەرایەتی ئیمپراتۆریەت‌و هەموو یەکە سەر بەخۆکانی لەخۆگرتبوو. ئەو بڕیارانەش کەتایبەت بوون بەیاسادانان‌و راگەیاندنی جەنگ‌و ئاشتی‌و بەستنی پەیماننامە لەم ئەنجومەنەدا خۆی دەبینیەوە. لەسەدەی شانزەیەمیشدا بەهۆی هەوڵ‌و خەباتی چینە بۆرجوازیەکانی ئێزەرلاند (هۆڵەندەی ئێستا) کەدەکەونە سەر کەنارەکانی خوارو لەسەر دەریای باکوور، شێوە فیدراڵیەك دامەزرێنرا کەزیاتر لەدوو سەد ساڵی خایاند[8]. ئەگەر زیاتریش وردبینەوە بێگومان نمونەی تر زۆرن، بەڵام بۆ باسەکەی ئێمە ئەوەندە بەسە.

بەشی دووەم: کورتەیەك دەربارەی ئۆتۆنۆمی

سەرەتاگرنگە ئەوە بزانین کەئۆتۆنۆمی یان (حوکمی زاتی) وەك پرۆژەیەکی سیاسی‌و یاسایی خۆی لەسایەی دوو بواری یاسایی تەواو لەیەکتر جیاوازدا دەبینێتەوە. ئەوانیش بریتین لە، یەکەم ئۆتۆنۆمی لەسایەی یاسایی نێودەوڵەتی گشتی‌دا. ئەم شێوەیەش تایبەت بووە بۆ هەرێمێکی دیاریکراو کە لەژێر سایەی داگیرکاری (کۆلۆنی) تەقلیدیدا بووە بۆ فەترەیەکی ئنتقالی‌و پاشان گۆڕاوە بۆ سەر بەخۆیی یەکجارەکی، ئەم جۆرەش لەئۆتۆنۆمی یان حوکمی زاتی لەڕێگەی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیەوە دامەزراوە، واتە یان لەڕێگەی پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیەوە بووە وەك ئەوەی لەنێوان بەریتانیاو میسردا بەسترا لەساڵی ١٩٥٣ سەبارەت بەجێبەجێ کردنی ئەو سیستمە لەسۆدان، یان لەڕێگەی ئەو بەڵگەنامانەوە بووە کەکۆمەڵەی گەلان‌و پاشتر رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستونی[9]. ئەو ئۆتۆنۆمیەی کەفەلەستینیش هەیەتی دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم جۆرەوە، چونکە بەپێی بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیەو ماوەیەکی دیاریکراویشی هەیە کەپاش تێ پەڕبوونی ئەو ماوەیە، واتە پاش فەترەیەکی ئنتقالی دەتوانێت دەوڵەت راگەیەنێت، بەڵام بەپێی ئەو ئاڵۆزیەی کەبارودۆخی ئەو ناوچەیەی شێواندوە راگەیاندنی دەوڵەتی فەلەستینی دواخراوە. دووەمیش ئۆتۆنۆمی لەسایەی یاسای ناوخۆیی‌دا. ئەوەی جێگەی گرنگی پێدانی ئێمەیە ئەم جۆری دووەمەیە، چونکە ناوەرۆکی باسەکەمان بریتی‌یە لەبەراورد لەنێوان دوو سیستمی دەستوری‌و سیاسی ناوخۆیی. جۆری یەکەمیان جگە لەوەی پەیوەندی‌ی بەیاسای نێودەوڵەتیەوە هەیە، لەگەڵ بەسەر چوونی سەردەمی کۆلۆنالیزمدا، وردەوردە باوی نەما.

وەك ئەوەی لەتەواوی سەرچاوەكاندا دەردەكەوێت بنەرەتی جێبەجێ كردنی ئۆتۆنۆمی بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەو وڵاتانەیە كە لەچەند نەتەوەو ئاینو زمانو مەزهەبو... هتدی جیاواز پێكهاتووەو گەشەی كۆمەڵایەتیو سیاسیو... نەكردووە، ئەم سیستمەش وەك رێكخستنێكی یاسایی بۆ چارەسەری ئەو كێشانە بۆچوونێكی تازەیەو ماناكەشی لەڕووی زمانەوانیەوە وەك ئەوەی كەدكتۆر محەمەد هەمەوەندی باسی دەكات دەڵێت وشەی ئۆتۆنۆمی وەرگێڕدراوی (avcovouia)ی یۆنانییەو بەرامبەر (self- law) یاسای خۆیی یان (self government) توانای خۆ بەڕێوەبردنی ئنگلیزی دێت. لەئینسكلۆپیدیای تریكانیشدا كەئینسكلۆپیدیایەكی ئیتالیە وشەی (Autonomia) بەكار هاتووە، دیسان ئەم وشەیەش وشەیەكی ئەغریقییەو لەدوو بڕگە پێكهاتووە كەبریتین لە(Auto) لەگەڵ (nomia) كەیەكەمیان مانای (خود) دەگەیەنێتو ئەوی تریشیان بەمانای یاسا دێت، هەر دوكیشیان بەسەر یەكەوە بەو مانایەدێن كەمرۆڤ خۆی حوكمی خۆی بكات[10].

وەك لایەنە دەستوریەكەش ئەم سیستمە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوەو هەریەك لەشارەزایانی ئەم بوارەش بۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە دەربارەی. بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەین هەوڵ ئەدەین كە لەچەند پێناسەیەكی گونجاودا كورتی بكەینەوە.

زانای سۆڤیتی (دینیسۆڤ) دەربارەی ئەم سیستمە دەڵێت "چارەسەرێكی گونجاوە بۆ رێكخستنی دەوڵەت لەسەر بنەڕەتی خواستی جەماوەر، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا كەئارەزووی جیابوونەوە دەرنەبڕن یان توانای ئەوەیان نەبێت تەعبیر لەدامەزراندنی دەوڵەتێكی سەر بەخۆ بكەن"[11] دكتۆر حەمید ئەلساعدی بۆ پێناسەی ئۆتۆنۆمی پێی وایە كە "سیستمێكی لامەركەزیەو لەسەر بنەرەتی دان نان بەسەر بەخۆیی بەشێك لەهەرێمی دەوڵەت دامەزراوە، ئەمەش بەچاودێریو سەرپەرشتی دەوڵەت"[12] واتە ئەو بەشە سەربەخۆیە دەكەوێتەوەوە ژێر چاودێری دەسەڵاتی ناوەندیەوە. هەروەها دكتۆر هەمەوەندی دەڵێ "حوكمی زاتی سیستمێكی لامەركەزیەو لەسەر بنەرەتی دان نان بەسەر بەخۆیی هەرێمێكی جیاواز لەڕووی نەتەوەییو رەگەزیەوە دادەمەزرێت لەناو خۆی دەوڵەتێكدا، بۆ بەرێوە بردنی كاروبارەكانی، لەژێر چاودێریو سەرپەرشتی دەسەڵاتی ناوەندیدا"[13]. دواجار دكتۆر محەمەد عومەر مەولود بۆ پێناسەی ئەم سیستمە دەڵێت "شێوازێكی پێشكەوتووترە لەلامەركەزی ئیداریو بەپێی ئەمەش دەوڵەت لەناو یەكێتی یەكی یاساییو سیاسیدا هەڵدەستێت بەبەخشینی هەندێك دەسەڵاتی یاسادانانو كارگێڕی بەنەتەوەیەك یان كۆمەڵێكی ئاینی، هاوزمانی یان رۆشنبیری دیاریكراو، بەڵام لەژێر چاودێریو سەرپەرشتی دەوڵەتدا"[14].

چەمکی ئۆتۆنۆمی وەك پرۆژەیەکی یاسایی بۆ چارەسەری کێشەی فرەیی لەناو خۆی دەوڵەتێکدا شتێکی تازەیەو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی پێشوو، یەکێتی سۆڤێتی جارانیش لەپێشەنگی دەوڵەتانی دنیایە کەگرنگیەگی زۆری داوە بەدراسە کردنی چەمکی ئۆتۆنۆمی، بەتایبەت لەسەردەمی لینین‌و سەرکردەکانی پاش خۆی، ئەمەش وەك بنەڕەتێك بۆ چارەسەری کێشەی ئەو نەتەوانەی کەدەکەوتنە سنوری یەکێتی سۆڤێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێت ریشەی ئەم سیستەمە لەفکری سیاسی پەیوەست بەکاروبارو پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان بگێڕینەوە بۆ سەدەیەك پێشتر. واتە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم. لەفکری فەلسەفی‌و یاسایشدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر لەوە کۆنتر[15]. بۆ ئەمەش راستیە مێژوویەکان ئەوەیان سەلماندوە کەزاراوەی ئۆتۆنۆمی لای یۆنان‌و رۆمانەکان ناسراوەو مەبەستیش لەسەربەخۆیی دەوڵەتێك بووە کە لەڕێگەی کۆمەڵێك یاسای تایبەتەوە حوکمی خۆی بکات‌و دابڕاو بێت لەدەوڵەتێکی تر[16]. واتە سەر بەخۆیەکی تەواوی بەرجەستە کردبێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەریەکەیان پێوەرێکی جیاوازیان هەبووە بۆ دیاریکردنی ئۆتۆنۆمی. لای یۆنانەکان پێوەرەکە بریتی بووە لەپێوەرێکی ئاینی‌و ئەدەبی، بەپێچەوانەی رۆمانەکانەوە، کەبریتی بوو لەپێوەرێکی یاسایی گشتی‌و موڵکدارێتی.

بەشی سێیەم: بەراوردێك لەنێوان فیدرالیزم‌و ئۆتۆنۆمیی

وەك پێشتریش هێمامان بۆ کرد فیدراڵی‌و ئۆتۆنۆمی دوو سیستمی دەستوری‌و سیاسی ناوخۆین‌و بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی کەهەر یەکە شیان هەیانە چەندین لایەنی چوون یەك‌و جیاوازیان لەنێواندایە، بەڵام بەگشتی فیدراڵی سیستمێکی پێشکەوتوو ترو فراوانترە لەئۆتۆنۆمی. لێرەشدا بۆ ئەوەی بەراوردێکی زانستیانە بکەین، پێویستە هەردوو لایەنی لەیەکچوون‌و جیاوازیان بەڕوونی دەستنیشان بکەین، بۆ ئەمەش هەر خەریەکە لەو دوو لایەنە لەبەشێکی تایبەتدا باس دەکەین بەم جۆرەی لای خوارەوە:-

یەکەم: لایەنی لەیەکچوون لەنێوانیاندا.

ئەم لایەنەش لەچوارخاڵی سەرەکیدا کۆدەکەینەوە کەبریتین لە(بنەرەتی فکرەی سیاسی، دابەش بوونی دەسەڵاتە دەستوریەکان بەسەریاندا، چۆنێتی پێکهاتنیان لەڕووی دەستوریەوە، تایبەتمەندی هەرێمی)و پاشان بەڕونی شیان دەکەینەوە.

دووەم: لایەنی جیاوازی لەنێوانیاندا.

بەهەمان شێوە ئەم لایەنەش خاڵبەندی دەکەین‌و لەحەوت خاڵی سەرەکیدا کۆیان دەکەینەوە. ئەوانیش بریتین لە(سروشتی ئەو سەر بەخۆیی‌یەی کەهەیانە، پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانەی کەهەر یەکە لەم سیستمانە پەیڕەو دەکات، لەڕووی یاسادانانەوە، چۆنێتی پێکهاتنی هەر دوو سیستمەکە، پابەندبوونی ئەم سیستمانە بۆ

چاودێری دەسەڵاتی ناوەندی، بەشداری کردن لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەی کەپەیوەستن بەبوارە گشتی‌یەکانەوە، لەڕووی دەسەڵاتی دادوەریەوە)و پاشان ئەمانیش رون دەکەینەوە.

یەکەم: لایەنی لەیەکچوون لەنێوانیاندا

١-بنەڕەتی فکرەی سیاسی.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەر دوو سیستمەکە (فیدراڵی‌و ئۆتۆنۆمی) ئەوا بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەهەر دووکیان لەسەر دوو بنەرەتی تەواو لەیەکتر جیاواز پێکهاتوون. ئەوانیش بریتین لەسەر بەخۆی زاتی‌و یەکێتی[١٧]. ئەم دوو بنەڕەتە جیاوازەش لەڕێگەی پەیوەست بوونیان بەیەکترەوە مانای راستەقینەی هەر یەکە لەو سیستمانە دیاری دەکەن، لەمەشەوە ئەوەمان لاڕون دەبێتەوە کە لەیەك کاتدا هەم ئارەزوومەندی هەیە بۆ مانەوەی دەوڵەتێکی یەك پارچەو خاوەن سەروەری، هەم ئارەزوومەندی هەیە بۆ پارێزگاری کردن لەسەربەخۆیی هەرێمێکی دیاریکراو. لێرەشەوە ئەوە بەتەواوی رون دەبێتەوە کەبۆ بەرجەستەکردنی هەریەکە لەم سیستمە سیاسیانە پێویستە هەستێکی ئارەزوومەندانەی دوو لایەنە هەبێت لەلایەن خەڵکیەوە. بۆ ئەمەش (دایسی) کەشارەزایەکی بواری سیستمە سیاسی‌یەکانە پێی وایە کەبۆ دامەزراندنی یان پێکهێنانی سیستمی فیدراڵی پێویستە هەستێکی یەکگرتوو هەبێت لەلایەن خەڵکەوە بەرامبەر بەیەکێتی‌و دواجاریش هەر ئەو هەستانەیە کەدەبێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی فیدراڵی، هەروەها ئامانج لەفیدراڵی لەروانگەی دایسیەوە بریتی‌یە لەڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەربڕینی هەر دوو هەستی یەکێتی نیشتمانی‌و سەر بەخۆیی هەرێمی، کەواتە سیستمی فیدراڵی سیاسیەن کار دەکات بۆ گونجاندن لەنێوان یەکێتی نیشتمانی‌و مانەوەی مافی سەر بەخۆیی بۆ ولایەتەکانی ناوی[١٨]. ئەمە بۆ ئۆتۆنۆمیش هەر بەهەمان شێوەیە، بەتایبەت لەکاتێکدا کەدەبینین ئەوەی پاڵ بەدەوڵەتێکەوە دەنێت بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمی پەیڕەو بکات بریتی‌یە لەگونجاندن لەنێوان ئارەزووی یەکپارچەیی‌و هەستی سەر بەخۆیی خوازی لەناو کۆمەڵە ئاینی‌و رەگەزی‌و نەتەوەیی‌و... هتدەکاندا، بەدڵنیایشەوە ئەتوانێن بڵێین کەحیکمەتی بوونی ئەم جۆرە سیستمانە گونجاندنە لەنێوان ئەو بەرژەوەندیە جیاوازانەدا، یان بەجۆرێکی تر دەکرێ بڵێین ئەوەی رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەپێکهێنانی ئەم جۆرە سیستمانەدا بریتی‌یە لەناوەرۆکی سیاسی فکرەی سەر بەخۆیی‌و فکرەی یەك پارچەی وڵات، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی ئەم دوو فکرە جیاوازەش هەوڵ ئەدەین بەکورتی لەسەر هەریەکەیان بدوێین.

أ-فکرەی سەر بەخۆیی:-

ناوەرۆکی ئەم فکرەیە لەوەوە سەر هەڵئەدات کەنەتەوەکان یان کۆمەڵە ئاینیو رەگەزیو... هتدەکان گەشەیەکی کۆمەڵایەتی باشیان کردووەو هۆشیاری سیاسیشیان لەئاستێکی باشدایە، رەنگدانەوەی ئەم گەشە کردنانەش خۆی لەخەبات‌و هەوڵی ئەو کۆمەڵە جیاوازانەدا دەبینێتەوە بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی هەر ئەمەشە بۆتە هۆی ئەوەی کەزۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کێشەی فرەییان هەیە هەوڵیان داوە لەرێگەی ئەم جۆرە سیستمانەوە چارەسەری بکەن، کەجورە سەربەخۆیی‌یەك دەبەخشنە ئەو هەرێمە یان ئەو کۆمەڵە جیاوازانە. بۆنمونە لەسیستمی ئۆتۆنۆمیدا، ناوچەی ئۆتۆنۆمی جۆرە سەربەخۆیی‌یەکی پێ دەبەخشرێت لەبواری (یاسادانان، کارگێڕی، دارایی). ئەم سەربەخۆیی‌یەش روکنێکی سەرەکی‌ی سیستمەی ئۆتۆنۆمی‌یە[19].

ب-فکرەی یەکپارچەیی:-

جەوهەری سیاسی ئەم فکرەیەش لەدوو بواری سەرەکیدا دەردەکەوێ، یەکەمیان دەرەکیەو خۆی لەو هەڕەشانەدا دەبینێتەوە کە لەلایەن ولاتانی ترەوە دەکرێتە سەری، دووەمیشیان ناوخۆیی‌یەو بریتی‌یە لەمەترسی دروست بوون‌و سەر هەڵدانی بزوتنەوەی سەربازی‌و ئازادی خواز لەلایەن کۆمەڵەیەکی دیاریکراوەوە. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسیانەش سوود لەهەر دوو سیستمی فیدراڵی‌و ئۆتۆنۆمی وەرگیراوە، ئەم راستیەش بەو وتە بەنرخە سەلێنراوە کەدەڵێ هێز لەیەکێتی‌دایە. هەر بنەڕەتی ئەم فکرەیەش وای لەهەر سێ بیرمەندی سیاسی ئەمریکی (جیمس مادیسون، الکسندر هاملتۆن، جانجی) کردووە کە لەنامەکانیاندا بۆ دانیشتوانی ولایەتی نیۆیۆرك بانگەشە بۆ پێکهێنانی یەکێتی‌یەکی بەهێزی ئەمریکی بکەن لەچوارچێوەی فیدراڵیزم دا[20].

٢-دابەش بوونی دەسەڵاتە دەستوریەکان بەسەریاندا.

لەو ولاتانەدا کەسیستمەکانیان سیستمێکی سیاسی تێکەڵ‌و ئاوێتەیە واتە پەیڕەوی فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی دەکەن داموودەزگا دەستوریەکانیان بەوە دەناسرێتەوە کەفرە جۆرن یان بەشێوەیەکن کە دەتوانێن بڵێین کەدەسەڵاتە دەستوریەکان لەم ولاتانەدا دابەش بوون بەسەر چەند دەزگایەکی دەستوریدا، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەدەسەڵاتەکان لەنێوان حکومەتی ناوەندی‌و حکومەتە هەرێمیەکاندا بەپێی دەقی دەستوری دابەش دەکرێت بۆ نمونە هەرچی پەیوەندی بەکاروباری گشتی دەوڵەتەوە هەبێ وەك کاروباری سەربازی، دەرکردنی پارە، رێکخستنی پەیوەندی دەرەکی لەپەیماننامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان‌و... هتد دەچنە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندیەوە، ئەوەشی پەیوەندی بەکاروباری ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵیەوە هەیە دەچنە ژێر دەسەڵاتی دەزگا دەستوریەکانی ئەو ناوچانەوە،

بەمەرجێك پێچەوانەی دەستوری بنەڕەتی نەبن، لەم رووەشەوە دکتۆر محەمەد عومەر مەولود دەڵێ "فیدراڵی لەگەڵ حوکمی زاتی (ئۆتۆنۆمی)دا لەوەدا یەك دەگرنەوە کەچوارچێوەی هەر یەکەیان دیاریکراوە لەمەجالی یاسای ناوەخۆیی‌داو ناچێتە سەر مەجالی دەرەکی‌و نێودەوڵەتی یان بەجۆرێکی تر رەنگدانەوەیان کورت دەکرێتەوە لەمەجالی دسەلاتی ناوخۆیی دەوڵەتداو درێژ نابێتەوە بۆ دەسەلاتی دەرەکی"[٢١]

٣-چۆنێتی‌ی پێکهاتنیان لەڕووی دەستوریەوە.

هەڵبەت ئەگەر لایەنە ئاساییەکەی پێکهاتنی هەر یەکە لەم دوو سیستمە وەربگریت ئەوا جیاوازن لەیەکتر، کەپاشان بەڕوونی باسی دەکەین، بەلام لەڕووی دەستوریەوە هەریەکە لەم سیستمانە بەپێی دەستورێکی ناوخۆیی پێکدێت، واتە بنەڕەتی پێکهاتنی فیدراڵی‌و ئۆتۆنۆمی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەقە یاساییانەی کەلەدەستوری باڵای وڵاتدا دەستنیشان کراون. ئەمەش تەواو پێچەوانەی ئەو بنەڕەتە یاساییانەیە کەیەکێتی‌یەکی نێودەوڵەتی یان حوکمی زاتی بەمانا نێودەوڵەتیەکەی لەسەر دامەزرێنراوە، چونکە پێکهێنانی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆبەڵگەنامەو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان[٢٢]، دواجاریش ئەوەمان لاڕوون دەبێتەوە کەهەریەکە لەسیستمی فیدراڵی‌و ئۆتۆنۆمی شەرعیەت‌و هێزی یاسایی خۆیان لەدەستورەوە وەردەگرن.

٤-تایبەتمەندی ئیقلیمی.

هەر کاتێك لەدەستوری وڵاتێکدا بڕیار لەسەر پیادەکردنی هەر یەك لەم سیستمانە درا، بەهەمان شێوەش سنوری دەسەلاتی بۆ دیاری دەکرێت یان رون تر سنوری جوگرافی ئەو دەسەلاتە (فیدراڵی یان- ئۆتۆنۆمی)یە دەستنیشان دەکرێت، واتە بەپێی دەستوری باڵا بەشێك لەدەسەلاتی حکومەتی ناوەندی ئەسپێردرێت بەدەسەلاتێکی هەرێمی لەچوارچێوەی سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا. ئەم حاڵەتەش هۆکاری تایبەتی خۆی لەپشتەوەیە، بۆ نمونە Mchenryو Ferguson جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەهۆی کاریگەری‌ی دابڕان جوگرافی‌و جیاوازی زمان‌و ئاین‌و ئەسڵی... رەگەزی هەرێمەکانەوە بوو لەسویسرادا سیستمی فیدراڵی پیادە کرا[٢٣]. دکتۆر محەمەد عومەر مەولودیش لەم بارەیەوە پێی وایە کەبوونی پارچەیەکی جوگرافی دیاریکراو یان هەرێمێکی دیاریکراو، مەرجێکە پێویستە بۆ دامەزراندنی فیدراڵی یان ئۆتۆنۆمی[٢٤].

دووەم: لایەنی جیاوازی لەنێوانیاندا

١-سروشتی ئەو سەربەخۆیی‌یەی کەهەیانە.

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد یەکێك لەو دوو بنەما سەرەکیەی کەهەر دوو سیستمەکەی لەسەر دادەمەزرێت سەر بەخۆیی‌یە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، کەسروشتی ئەم سەر بەخۆیی‌یە لەهەر یەکەیاندا بەجۆرێکە. بۆ نمونە ئەو سەر بەخۆیی‌یەی کە لەچوارچێوەی یەکێتی فیدراڵیدا دەبەخشرێتە ئەندامەکانی پانتایی‌یەکی فراوانی هەیە، واتە حکومەتی دەوڵەتە ئەندامەکانی ناو یەکێتی‌یە فیدراڵیەکە مومارەسەی ئاسایی دەسەڵاتەکانی خۆیان دەکەن، بێ ئەوەی چاودێری‌یەکی ناوەندیان لەسەر بێت. رادەی ئەم سەر بەخۆیی‌یەش لەدەوڵەتێکی فیدراڵیەوە بۆ یەکێکی تر چوون یەك نیە، بۆ نمونە سەر بەخۆیی ولایەتەکانی ئەمریکا سەر بەخۆیی‌یەکی زۆر فراوانە، ئەمەش بەڕوونی لەدەقی دەستوری ساڵی ١٧١٩ی دەسکاریکراودا هاتووەو دەڵێ "ئەو دەسەڵاتانەی کەدەستور نەیبەخشیوەتە وڵاتە یەکگرتوەکان (حکومەتی ناوەندی) یان رێگری لێ نەکردووە بۆ ولایەتەکان، پارێزراو دەبێت بۆ ولایەتەکان‌و گەل"[25] ئەمەش ئەوە رون دەکاتەوە کەدەستوری ئەمریکی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی دیاریکردووەو ئەوەی ماوەتەوە بەخشیویەتی بەدەسەڵاتی ولایەتەکان، بەمەرجێك بەدەقێکی یاسایی قەدەغە نەکرابێت. ئەمەتەواو پێچەوانەی سروشتی ئەو سەر بەخۆیی‌یەیەکە لەئۆتۆنۆمیدا هەیە چونکە بنەمای پەیوەندی دەسەڵاتی ناوەندی‌و ئۆتۆنۆمی بریتی‌یە لەسەرپەرشتی‌و چاودێری کردنی راستەوخۆ، بۆیە دەکرێت بڵێین ئاستی سەربەخۆیی لەم سیستمەدا تاڕادەیەکی زۆر سنووردار کراوەو بەڵگەشی بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کەدەسەڵاتی ناوەندی توانای هەیە هەندێك لەئەندامانی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دابمەزرێنێ‌و نوێنەری تایبەت بنێرێت بۆ ئەو ناوچانە بۆ دڵنیا بوون لەهاوتەریبی کارو چالاکی هەر دوو دەسەڵات، هەروەها زۆربەی حکومەتە ناوەندیەکان ئەو مافەیان داوە بەخۆیان کەهەرکاتێك پێویست بکات دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەڵبوەشێنێتەوە. بۆ ئەمەش مادە (١٢٦)ی دەستوری ئیتالی دەڵێ "مافی دەسەڵاتی ناوەندیە کەئەنجومەنی هەرێمەکان هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر هەستان بەکارێك، بوەمایەی تێکدانی دەستوری کۆماریی ئیتالیا"[26]

٢-پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانەی کەهەریەکە لەم سیستمانە پەیڕەو دەکات.

وەك لەسەرەتای باسەکەدا ئاماژەیەکی کورتمان بۆ کرد ، دەوڵەتانی دنیا لەڕووی پێکهاتەیانەوە دابەش بوون بۆ دوو جۆری سەرەکی ئەوانیش بریتین لەدەوڵەتی ئاوێتە یان یەکگرتوو لەگەڵ دەوڵەتی ساکار یان ئاسایی. هەریەکە لەو سیستمانەی کەئێمەش باسی لێ دەکەین دەکەوێتە چوارچێوەی یەکێك لەو دوو جۆرەوە، بێگومان پێشتریش ئەوەمان لاڕوون بۆتەوە کەفیدراڵی دەکەوێتە چوارچێوەی دەوڵەتی ئاوێتەوەو زۆربەی کاتیش بەیەکێتی فیدراڵی

ناوبراوە، وەك فدراسیونی سویسری‌و فدراسیونی ئەڵمانیا، بەپێچەوانەشەوە سیستمی ئۆتۆنۆمی دەکەوێتە ژێر سایەی جۆری دووەمەوە. وەك ئەوەی لەئیتالیاو زۆر وڵاتی تردا هەیە.

٣-لەڕووی یاسادانانەوە.

ئەمیش خاڵێکی جەوهەری‌و گرنگە کەهەر دوو سیستمەکە لەیەکتر جیادەکاتەوە، چونکە ئەو دەوڵەتانەی کەهەریەك لەم سیستمانە پەیڕەو دەکەن لەپێکهێنان‌و دامەزراندنی دەسەڵاتی یاسادانان‌دا شێوازێکی جیاواز لەوی تر پەیڕەو دەکەن، ئەمەش هۆی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نمونە دابەش بوونی دەسەڵاتی یاسادانان بۆ دوو ئەنجومەن ئەنجامێکی سروشتیە بۆ حکومەتێکی فیدراڵی، چونکە لەم سیستمەدا بەئاسانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەرەچاوی بیروباوەڕی یەکسانی کراوە لەنێوان نەتەوەو هەرێمە جیاوازەکاندا. ئەمەش بێ‌گومان رەنگدانەوەی خۆی دەبێت لەسەر داموو دەزگا جیاجیاکانی فیدراڵی هەر لەبەر ئەمەشە کەدەبینین هەمیشە پەرلەمانی فیدراڵی دابەش بوون بۆ دوو ئەنجومەن. وێنەی ئەم شێوازەش پەرلەمانی ئەمریکی‌یە کەپێکهاتووە لەئەنجومەنی پیران‌و ئەنجومەنی نوێنەران[٢٧]. بەڵام لەو دەوڵەتانەی کەئۆتۆنۆمی پەیڕەو دەکەن دەسەڵاتی یاسادانانی یەك دەسەڵاتی ناوەندیەو لەیەك ئەنجومەن پێکدێت، کەنوێنەرایەتی تەواوی دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەلەم سیستمەدا بیروباوەری یەکسانی رەچاو ناکرێت.

ئەوەی شایانی باسیشە لێرەدا بگوترێت ئەوەیە کەئەو ئەنجومەنی یاسادانانەی لەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەیە بەبەشێك دانانرێت لەپەرلەمانی ناوەندی[٢٨].

٤-چۆنێتی پێکهاتنی هەر دوو سیستمەکە.

بەگشتی دەتوانین دوو رێگای سەرەکی دەستنیشان بکەین بۆ چۆنێتی دروست بوونی یەکێتی‌یەکی فیدراڵی ئەوانیش بریتین لە:-

أ-دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی لەرێگەی یەکێتی یان یەکگرتنی چەند دەوڵەتێکەوە کەسەربەخۆیی‌یەکی تەواوو سەروەری تایبەتی خۆیان هەیە. نمونەی ئەوە دەوڵەتانەش کەلەم رێگەیەوە دروست بوون بریتین لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەنەدا، ئوستڕالیا، یەکێتی باشوری ئەفریقاو زۆری تریش.

ب-دروست بوونی دەوڵەتی فیدراڵی لەئەنجامی لەبەریەك هەڵوەشانی دەوڵەتێکی ساکارو ئاسایی بۆ چەند یەکەیەکی سیاسی‌یان چەند قەوارەیەکی سەربەخۆ، دیارترین نمونەی ئەم دەوڵەتانەش بریتین لەیەکێتی سۆڤێتی جاران، بەرازیل، ئەرجەنتین، مەکسیك‌و... هتد[٢٩]، بەڵام ئۆتۆنۆمی کاتێك پێکدێت

کەدەوڵەتی ناوەندی دان دەنێت بەهەرێمێکی دیاریکراودا، تا لەرێگەی خۆیانەوە حوکمی خۆیان بکەن.

٥-پابەند بوونی ئەم سیستمانە بۆ چاودێری دەسەڵاتی ناوەندی.

ئەم خاڵەش لەلایەنەگرنگەکانی جیاوازی نێوان ئەم دوو سیستمەیە، کە لەسەر بنەمای چاودێری دەسەڵاتی ناوەندی دامەزراوە بۆ سەر هەریەکە لەفیدراڵیو ئۆتۆنۆمی. بەپێی ئەوەی تائێستا لەفیدراڵی تێگەیشتوین ئەوەمان لاڕوونە کەئەندامەکانی یان ولایەتەکانی ناو یەکێتییەکی فیدراڵی سەربەخۆییەکی فراوانتریان هەیە لەو ناوچانەی کەئۆتۆنۆمیان پێ بەخشراوە، بۆ نمونە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێ کردنو دادوەری ئازادن لەچۆنێتی مومارەسە کردنی دەسەڵاتەکانیان، بەمەرجێك پێچەوانەی دەستوری باڵانەبن، ئەم حاڵەتەش واتە دەستنیشان کردنی (پێچەوانەی دەستور) دادگای باڵای فیدراڵی پێی هەڵدەستێت، هەر بۆیە دەکرێت ئەوە بڵێین کەچاودێری دەسەڵاتی ناوەندی لەم سیستمەدا لەزۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا چاودێریەکی دادوەرییەو لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە مومارەسەی دەکرێت[٣٠]، بەڵام ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەو سەر بەخۆییەی کەپێی بەخشراوە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندیەوە سەر بەخۆییەکی سنورداروو دیاریکراوە، هەروەها دەسەڵاتی ناوەندی بەجۆرێك پەیوەندیەکانی لەگەڵدا رێکخستووە کەهەرگیز نەتوانێت لەچوارچێوەی دەربچێت، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە کەچاودێری کاروباری دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بکات، بەڵکو چاودێری ئەندامەکانیش دەکاتو دەشتوانێت دەزگاکان هەڵوەشێنیتەوە.

٦-بەشداری کردن لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەی کەپەیوەستن بەبوارە گشتییەکانەوە.

لەو وڵاتانەی کەسیستمی فیدراڵی پەیرەو دەکەن ناوچە فیدراڵیەکان جگە لەوەی سەر بەخۆییەکی تایبەتیان هەیە لەبڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان، لەهەمان کاتدا بەشداری لەگەڵ حکومەتی ناوەندیشدا دەکەن لەدەرکردنی ئەو بڕیارانەی کەپەیوەندیان بەکاروباری سەرجەم دەوڵەتەوە هەیە، ئەمەش لەرێگەی ئەنجومەنی باڵاوە، کەیەکێکە لەو دوو ئەنجومەنەی کەپەرلەمانیان پێکهێناوە، هەر ناوچەیەکی فیدراڵیش. بەیەکسانی لەم ئەنجومەنەدا ژمارەیەك نوێنەری دیاریکراوی هەیە. نمونەی ئەم ئەنجومەنەش ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکییە کەهەر ولایەتێك بەدوو نوێنەر تیایدا بەشدارە. ئەم بەشداری کردنە چەند لایەنێکی گرنگی تریش لەخۆ دەگرێت وەك بەشداری کردن لەدانانی دەستوری فیدراڵیو دەستکاری کردنی یاسا، بەڵام لەو وڵاتانەی کەئۆتۆنۆمی پەیڕەو دەکەن مەسەلەکە تەواو پێچەوانەی فیدراڵیە، چونکە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بەهیچ جۆرێك بۆیان نیە بەشداری

بكەن لەبڕیاردان لەو كاروبارانەی كەپەیوەندیان بەكاروباری گشتی دەوڵەتەوە هەیە، لەمەشەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە كەحكومەتی ناوەندی كاتێك بیەوێت بڕیارێك دەربكات یان دەستورێكی نوێ دابنێت، یاخود چاكسازی تیادا ئەنجام بدات، ئەوە یەك لایەنە بڕیاری لەسەر دەدات، بێ ئەوەی دەزگاكانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بتوانن بەشداری تیادا بكەن، هەتا ئەگەر بێتو پەیوەندیان بەو هەرێمانەشەوە هەبێت.

٧-لەڕووی دەسەلاّتی دادوەریەوە.

وەك پێشتریش دەستنیشانمان كردووە ڕادەی سەربەخۆیی فیدراڵی فراوانترە لەئۆتۆنۆمی، بۆ دڵنیابوونیش لەم ڕاستیەی سەرەوە دەبینین لەدەوڵەتە فیدراڵیەكاندا لەگەڵ ئەوەی حكومەتی ناوەندی خاوەنی دەسەلاّتێكی دادوەری باڵایە، لەپاڵ ئەمەشدا هەریەكە لەهەرێمە فیدراڵیەكان خاوەنی هەمان دەسەلاّتی دادوەری تایبەت بەخۆیانن، واتە لەهەر هەرێمێكی فیدراڵیدا دادگایەكی باڵا هەیە، بەلاّم ئەو شێوازە لەئۆتۆنۆمیدا بەهیچ جۆرێك بەدی ناكرێت، واتە دەسەلاّتی دادوەری دەسەلاّتێكی ناوەندییەو دادگاو فەرمانگە دادوەریەكانی سەر بەناوچەكانی ئۆتۆنۆمی بریتین لەچەند لقێكی پەیوەست بەدەسەلاّتی دادوەری ناوەندیو وەزارەتی داد.

كۆبەند

ئەمەی تائێرە باسمان لێ كرد بەراوردێكە لەنێوان هەر دوو سیستمەكە لەبواری تیۆریدا، بەلاّم لەبواری كرداریدا جیاوازیەكان هەمان ڕێڕەو ناگرن، چونكە جێبەجێ كردنی ئەم سیستمانە لەنێوان ولاّتاندا جیاوازە، واتە فیدراڵیزم لەهەموو ئەو دەوڵەتانەی كەپیادەی دەكەن چون یەك نینو لەچەندین لایەنەوە جیاوازیان هەیە، بەهەمان شێوەش ئۆتۆنۆمی لەسەرجەمی ئەو ولاّتانەی پەیڕەوی لێ دەكەن چوون یەك نین، بگرە هەندێك جار تەنها دەبێتە روكە شێك نەك هەر مافی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە نابەخشێت، بگرە خودی پرۆژەكە دەبێتە پرۆژەیەكی داگیركاریو ماف زەوت كردنو دەوڵەتی ناوەندی لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت ئامانجە سیاسیەكانی خۆی بێنێتە دی، وەك ئەوەی كەهەمیشە لەعێراقدا هەوڵدراوە بۆی. بواری دووەم واتە بواری كردارەكیی ئەم دوو سیستمە ئەوا مەسەلەكە خۆی لەخۆیدا باسێكی زۆر هەڵدەگرێت، بەلاّم مەبەستی سەرەكیی ئەم باسە بەگشتی بریتییە لە:-

دەرخستنی ئەو خاڵە جیاوازانەی كەهەیە لەنێوان ئەم دوو سیستمەداو بەخاڵی جەوهەری جیاوازی نێوانیان دادەنرێن.

سەرچاوەكان:

[1]-هادی رشید الچاوشلی- دول لعالم- مطبعة دار الجاحظ- بغداد ١٩٨٦ ص ١٤.

[2]-الدكتور محمد عمر مولود- الفيدرالية وامكانية تطبيقها في العراق- كردستان ٢٠٠٠ ص٢٣٣.

[3]-منير البعلبكی- المورد- قامووس ئینگلیزی- عربی- دار الملايين- بيروت ٢٠٠٢.

[4]-حسن عميد- فرهنگ عميد- مؤسسة انتشارات امير كبير- طهران ١٣٦٩.

[5]-الدكتور محمد الهماوەند- الفدرالية والحكم الذاتی واللامركزية الادارية الاقليمية- دراسة نظرية مقارنة- اربيل ٢٠٠١- ص١٨١-١٨٢.

[6]-الدكتور محمد عمر مولود ص٢٣٦.

[7]-دیلمان محەمەد- گۆڤاری بیرو هۆشیاری- فیدرالّیو ئەگەرەكانی جێبەجێ كردنی لەعێراقی ئاییندەدا- ژمارە (٢) سالّی یەكەم- ئایاری ٢٠٠٢ لا٦٥.

[8]-گۆڤاری بیرو هۆشیاری هەمان ژمارەی پێشو- لا٦٥- ٦٦.

[9]-الدكتور محمد الهماوەند ص ٢٣- ٢٤.

[10]-الدكتور محمد عمر مولود ص١٧٧.

[11]-الدكتور محمد الهماوەند ص١٤.

[12]-الدكتور حميد الساعدي- مبادیء القانون الدستوری وتطور النظام السياسی في العراق- دار الحكمة للطباعة والنشر- موصل ١٩٩٠ ص٢٢٣.

[13]-الدكتور محمد الهماوەند- الحكم الذاتی والنظم اللامركزية الادارية والسياسية- دار المستقبل العربی- القاهرة- ١٩٩٠ ص٢٣.

[14]-الدكتور محمد عمر مولود ص١٨٠.

[15]-الدكتور محمد الهماوەند- الفدرالية والحكم الذاتی...، ص١٣.

[16]-هەمان سەرچاوە لا٣٧.

[17]-هەمان سەرچاوە لا٢٧٣.

[18]-هەمان سەرەچاوە لا٢٧٤.

[19]-الدكتور محمد عمر مولود ص١٨٨.
[20]-الكسندر هاملتون، جيمس ماديسون، جان جي_ الاوراق الفدرالية ترجمة: عمران ابو حجلة- عمان- دار الفارس للنشر والتوزيع اردن- ١٩٩٦.
[21]-الدكتور محمد عمر مولود- ص٣٢٥.
[22]-الدكتور محمد الهماوەند...، ص٢٧٩.
[23]-هەمان سەرچاوە لا٢٨٠.
[24]-الدكتور محمد عمر مولود- ص٣٢٥.
[25]-الدكتور منذر الشادي- القانون الدستوری- نظرية الدولة- بغداد- ١٩٨١ ص٢٦٥.
[26]-الدكتور محمد عمر مولود ص١٩٥- ١٩٦.
[27]-موريس دوفرجية- المؤسسات السياسية والقانون الدستوری- الانظمة السياسية الكبری- ترجمة: جورج سعد- المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع- ١٩٩٢.
[28]-الدكتور محمد الهماوەند ص٢٨٦.
[29]-گۆڤاری بیرو هۆشیاری لا٦٠- ٦١.
[30]-الدكتور محمد عمر مولود- ص٣٣٠.